

# عبدالحليم خدام رۆيی ... خەداميزم مــرد

خەدام 40 ساڵ لە بڕيارەكانی دەوڵەتی سوريا بەشدار بوو...ئەمڕۆ {الخيانە العظمی}
السيد خدام بەڕێوەبەری دارشتنی سياسەتی سوريا بوو...ئەوڕۆ {خدام للاعداء}
خەدام ئەندامی القيادە القطريە لـ(البعث) بوو...ئەمڕۆ {خائن لخبز الوطن}
خەدام جێگری حافزئەسەد و بەشار ئەسەد بوو...ئەوڕۆ {عاهرا}
خەدام وەزيری ئابووری سوريا بوو...ئەمڕۆ {حراميا}
خەدام بەرپرسی دۆسەی لوبنان بوو...ئەوڕۆ {بعيرا}
رەفيق خدام جێگری سەرۆک بوو...ئەمڕۆ {خائنا}
دوێنێ هەمووشت بوو...ئەمڕۆ {الفساد}



هەر ئەوەندە پێراگەيشتم ووشە ناشرينەكانی ناو {مجلس الشعب}ی سوريا تۆمار بكەم ، رەنگە ئەو جنێوانە زۆر كەمتربێت لەو پەيڤانەی ئەندامانی ئەو خانووە بە ژن و پياو بەرامبەر كابرايەكی وەكو خدام كرابێت ، كە پێش ماوەيەک هەر لەو خانووە كاتێ خدام دەهاتە ژوورەوە ئيتر هەر هەموو بە سەرۆكيی {مجلس الشعب}ەوە وەكو بت بەرامبەر بەژنە بچوكەكەی خدام دەستەو ئەژنۆ رادەوەستان و سەريان بۆی شۆڕ دەكرد...هەر ئەوانەی ئەو جنێوانەيان بە شيعارات لێدەدا ، ئەوانە دەيانساڵ داوايان لە چايەچی و خزمەتكاری خدام دەكرد تا كاتيان بەربكەوێ و چاويان بە خدام بكەوێت هەتا بۆماوەی چەند چركەيش بێت ، كەچی زۆر بێئابرويانە داوا دەكەن بەو شێوەيە وەسف بكرێت كە دادگای ئينترپۆڵ دەسگيری بكات و لە سورياش حوكم بدرێت واتە { اعدام }...لێرە چەند خۆشە باسی مەلای مەشهور بكەم گوايە جارێک دەچێتە ئاهەنگی بوک گواستنەوەيەک بۆ ئەوەی نان بخوات دەری دەكەن ، لەبەر ئەوەی جلەكانی دڕا و كۆن بوون ...مەلا دەچێ كەواوسەڵتەيەكی تازە لەبەر دەكا و دەگەڕێتەوە شوێنی ئاهەنگ ، يەكسەر بە فەرموو فەرموو مامۆستا مامۆستا دەيخەنە ژوورەوە و پڵاوبرنجی لەبەر دەم دادەنێن مەلاش كەواكەی دەخاتە ناو شۆرباوەكە و دەڵێ فەرموو تۆ بخۆ چونكە ئەو خواردنە بۆ تۆيە نەک بۆمن...خەداميش جاران كە دز و سەركردەی دزان بوو ، كەس باسی نەدەكرد چونكە لە دەسەڵات سەردەست بوو، ئێستاكەش هيچی لەو دەسەڵاتە نەماوە و رايكردوە بووە بەو تەيرەمەنبوزە...هەتا لە دەسەڵات بوو خەڵكی سوريا تێر مۆز و خواردنيان نەدەخوارد ، كەچی تازە خدام باسی برسياتی خەڵكی سوريا دەكات...ابوجەمال دەستی باڵای هەبوو لە دابەشكردن و داگيركردنی لوبنان ، كەچی وا بۆ لوبنان و الحريری دەگرێت...خدام بووە بە پەناهەندە لە فەرەنسا و ماڵوموڵكی دەمێكە لە سوريا گواستۆتەوە بۆ دەرەوە ، سەرمايەی خدام و منداڵەكانی بە مليارد دۆلار دەژمێردرێت ، جا كەس نازانی ژمارەكە چەندە...هەردەم دەسەڵات لە رۆژهەڵات و وڵاتانی عارەبی بەو شێوەيە بووە...بروخێ مافيای دەسەڵات.

فــەهــد گــردەوانــی 2006/1/2ستۆكهۆڵم